کەشتیوانێکی ئاسمانی لەدوای شەش مانگ لە وێستگەی ئاسمانی دەگەڕێتەوە زەوی

کەشتیوانی ئاسمانی ئیماراتی "سوڵتان نیادی" ڕۆژی یەکشەممە (3ی ئەیلولی 2023) وێنەیەکی ماڵئاوایی بڵاوکردەوە پێش ئەوەی وێستگەی ئاسمانی نێودەوڵەتی بەجێبهێڵێت و گەڕاندنەوەی بۆ زەوی دوای کۆتایی هاتنی ئەرکەکەی.

لە هەژماری فەرمی خۆی لە ئینستاگرام، نیادی نوسیویەتی: "بۆ بۆشایی ئاسمان... ماڵئاوایی ناکەم، بەڵام دەبینمەوە لە ئەرکێکی نوێ لە وێستگەی ئاسمانی نێودەوڵەتی".

شایەنی باسە کە نیادی بۆ ماوەی شەش مانگ لە وێستگەی ئاسمانی نێودەوڵەتی مایەوە بۆ تاقیکردنەوەی کۆمەڵێک پرسی زانستی.